کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-1-2007 14:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بیرت ئەکەم .. کانی هەڵەبجەیی




من گشت شەوێ لەگەڵ ئاسمان
شین بۆ دوریت ئەکەم
لەتەك دەنگی ڕەشەباشدا
هاوار ئەکەم
بیرت ئەکەم
ئەی وڵاتی منداڵیم...
بیری هەموو ئەو ڕۆژانە ئەکەم
کە لە شەقامە بێ نازەکانتا
بە بوکە شوشەیەکی چاوشینی قژ زەردەوە
ماڵەباجێنەم ئەکردو
دەهاتم و دەچوم بە ڕێگاکانتا
کەچی لێرە مرۆڤێکی زۆر ناخ خاڵیم
نە منداڵم و نە گەنجم و نە پیریشم
تەنها ئادەمیزادێکی نەناسراوم
من لێرە لە گۆڕستانی ڕۆژگاردا نێژراوم و
لە یادگارییە قوڵەکانتدا خنکێندراوم
ئاااای وڵاتەکەم
خۆزگە ئەدزانی چەنێ بیرت ئەکەم
من لێرە درەخت و گوڵەکانیشم فێر کردووە
هەموو شەوێ لەگەڵم بگرین
لەگەڵ پەپولەدا بەڵێنمان بەیەك داوە
شەوێ پێکەوە باڵبگرین و
بۆ باوەشت بفرین
وەلێ هەموو ڕۆژێ و هەموو شەوێ
یادگاری و ئەندێشە دێن و
بەرەو لای تۆ دەمفرێنن
ئەمبەنەوە ماڵی شەهیدەکان و
تێر چاوانم ئەگریێنن
بەڵام هێشتا بیرت ئەکەم
من زۆر سات لە خۆم دەپرسم
چ تراژیدیایەك منی گەیاندە ئەم کەنارە بێ دەریایە
کام ڕۆژگاری ڕەش بوو توڕی دامە ئەم تەنهایی یە
منێك کە هەر لە منداڵیمەوە عاشقت بووم و
گشت دارِشتنەکانی وانەی کوردیم لەسەر تۆ بوو

چیم داوە لەم وولاٌتە ووشکەو لەم بێ دارییە
چۆن بتوانم بگەمە لات
ئامێزی گەرمت بکەمە لانك و
تێێێێێێر بخەوم
ئای چەنێ یرت ئەکەم ئەی ولاٌت
ئەم جارەیان گەر بێمەوە
هێندە ئەو خاکەت ماچ ئەکەم
تا تینوێتیم ئەشکێ
ئەوەندە سەیری دیمەنت ئەکەم
تا تابلۆی بێ هاوتات بۆ هەمیشە
کل و ڕەنگی چاوانم بێ
تا ئەتوانم لە ئاوی کانییەکانت ئەخۆمەوە
بە یادەوەریەکانت هۆنراوەیەك بۆ منداڵیم
لەگەڵ تۆدا ئەهۆنمەوە
ئاااااای چەنێ بیرت ئەکەم
کەی دێ ئەو رۆژەی بۆلات دێمەوە
تا بە بۆنی چڵێ نێرگز
هێدی هێدی بتوێمەوە
بیرت ئەکەم ولاٌتەکەم
ئەی دایکە بێ نازو بێ کەسەکەم
زۆر ئەترسم بمرم و نەتبینمەوە
ئەترسم لێرە بمرم و
لاشەکەشم بە باوەشت نەدەنەوە
من ئەمەوێت پێش ئەوەی بمرم
بتوانم لە باوەشتا تێر تێر بگریم
ئەمەوێت تەنها یەك ڕۆژ
وەك هەموو کەس منیش بژیم

هۆڵندا
Kani_awin@hotmal. com